# ڕێکخەری ئەکادیمی زانکۆی فلۆریدا: زانکۆکانی کوردستان بۆماوە هەڵگری نەخۆشیەکانی زانکۆکانی عێراقن

## لیژنەیەکی پەروەردە و فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە. ئەو لیژنەیە مکورە لەسەر گەشەپێدانی زانست و واقیعی فێرکردن

دیمانە: ئاسۆ عەلی فەرەج

**دکتۆر سەلاح عەزیز، یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی کە لە زانکۆکانی ئەمریکا مامۆستایە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە فیزیای ئەتۆمی لە زانکۆی(ئینديانا) لە هەردوو زانکۆی(FAMU) و( FSU)، وەکو مامۆستای زانکۆ کار دەکات، هەروەها ڕێکخەری بەرنامە ئەکادیمیەکانە لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی فلۆریدا، لەگەڵ ئەمەشدا دامەزرێنەری ناوەندی بەدلیسیە بۆ ڕووناکبیری و کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد. لە دەرفەتێکی بچووکدا سەبارەت بە ڕەوشی خوێندن دیدارێکمان لەگەڵیدا سازدا.**



*** ڕەوشی فێرکردن و خوێندن لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بەعس چۆن دەبینی؟**

- بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان، خوێندنی باڵا وەکو دامودەزگا و میتۆد و ئەدا سەرنەکەوتنی وەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانیەکانی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا سەلماندووە، بۆیە دەکرێ لە هەمان ڕوانگەوە ئێمە بڕیاری ئەو جۆرە ئەدا کردنە بدەین بەسەر دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە عێراقدا، دەشتوانین بڵێین کە ڕەوشی خوێندنی باڵا لە عێراق لە دوای جەنگی عێراق- ئێران و ئابڵوقەی نێودەوڵەتی، پاش جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو زۆر خراپتر بووە. لە دوای ئازادبوونی کوردستانیشەوە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە ڕێگای هەستکردنێکی نیشتمانیەوە بۆ زیاد کردنی ژمارەی زانکۆکان لە کوردستان، هەردوو زانکۆی سلێمانی و دهۆک دامەزرێنرا، لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسان بایەخیاندا بە زۆرکردنی قوتابیان و مامۆستایان، بێگومان زانکۆکانی کوردستان بۆ ماوەهەڵگری نەخۆشیەکانی زانکۆکانی عێراقن و، لەبەرئەوە پێویستی بە هەوڵێکی زۆرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدا کردنی خوێندنی باڵا لە خزمەتی ئامانجە نیشتمانیەکانی کوردستان.

*** ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان ئاستی فێرکردن لە کوردستان لەگەڵ ئەمریکادا چی دەڵێن و هەڵسەنگاندنی ئەوە چۆنە ؟**

- ئەستەمە ئێمە بتوانین بەراوردێک لە نێوان ئاستی فێرکردن لە کوردستان لەگەڵ ئاستی فێرکردن لە ئەمریکا بکەین، بە هۆی نەبوونی پێوەرێکی نێودەوڵەتی بۆ پێوانەکردنی ئاستی

## فێرکردنی باڵا لە ئەمریکا، ئەمریکای کرد بە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان...

فێرکردن لە کوردستان، ڕەنگە ئەم بەراوردکردنە زۆر گرنگ نەبێ، هێندەی ئەوەی کە فێرکردنی باڵا لە ئەمریکا، ئەمریکای کرد بە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان.

*** هیچ لێدوانێکتان هەیە دەربارەی ئەوەی کە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە فێرکردن و خوێندن لە پەرلەمانی کوردستان داواتان لێکراوە بۆ هاوکاریکردن سەبارەت بە گۆڕینی سیستەمی خوێندن لە کوردستان؟**

- لیژنەیەکی پەروەردە و فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، ئەو لیژنەیە مکورە لەسەر گەشەپێدانی زانست و واقیعی فێرکردن، هەروەها شەرەفمەندم کە هاوکاری ئەو لیژنەیە بکەم لە دانانی ستراتیژیەتی خوێندنی باڵا و میکانیزمی گەشەپێدان.

*** باشە هەنگاوی یەکەم چیە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمەی خوێندن لە کوردستان؟**

- پێکهێنانی لیژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەتەکان کە(دەبنە بەشێک لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران) بۆ پێداچوونەوەی ڕۆڵی دامودەزگاکانی فێرکردنی باڵا لە کوردستان و ئاستی ئەدا کردنی، هەروەها دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە پێناو دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ چەسپاندنی ئەو پێشنیارانە، دواتریش پابەندبوونی دامودەزگا فێرکاریەکان بۆ ئەو ڕاسپاردانە لە ماوەی ساڵانی داهاتووی خوێندندا.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوەن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بە ئامانجی خزمەتکردن؟**

- ئەو مامۆستا کوردانەی لە زانکۆکانی ئەمریکادا کار دەکەن ژمارەیەکی زۆر کەمن، کە ئەوانیش ئەرک و توێژینەوەیان هەیە، لە واقیعێکی باشدان لە ڕووی ئابوورییەوە، پێموانیە کە بارودۆخی زانکۆکان لە ئێستادا لە ئامادەباشیدا بێت بۆ پێشوازی کردن و سوود وەرگرتن لەتوانای ئەو مامۆستایانە، هەروەها گۆڕینی سیستەمی فێرکردن لە کوردستان بە شێوەیەکی هاوچەرخ بارودۆخێکی لەبار دەسازێنێ بۆ هەندێک لە مامۆستایان.